# له ڕۆتەردام کوردستانیەکانیەکان ساڵیادی هونەرمەند مەرزیە فەریقی پیرۆز ڕادەگرن








**ڕاگەیاندنی گەنجانی میدیا لە هۆڵەندا**

**بە هاوکاری تیپی مۆسیقای گەنجان، یانەی کوردی میدیا لە ڕۆتەردام ئێوارە کۆڕێکی لە ساڵیادی هونەرمەند مەرزیەی خوالێخۆش بوو ساز کرد و تیایدا چەندین هونەرمەند و کەسایەتی و نوێنەری پارت و ڕێکخراوە کوردیەکان بەشداریان کرد، سەرەتای مەڕاسیمەکە وەکو نەریتێکی کوردپەروەرانە بە دەقیقەیەک وەستان بۆ ڕێز لێنان لە گیانی پاکی مەرزیەی هونەرمەند و سەرجەم شەهیدان دەستی پێکرد و دواتر میوانەکان لە لایەن پەیمان سەرهەنگ لێپسراوی میدیای ڕۆتەردام بەخێرهاتنیان لێکرا، بەڕێزیان سوپاسی میوانە بەڕێزەکانی کرد و باسی ڕۆڵی مەرزیەی لە نێو بوارە جیا جیاکان کرد و هیوای خواست خوای گەورە سێبوری کەس و کار و هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بداتەوە.**

**پاشان وتاری گەنجانی میدیا لە لایەن بەختیار بەکر خوێندرایەوە، بەختیار بەکر پاش دەربڕینی هاوخەمی یەکە یەکەی ئەندامانی ڕێکخراوەکەیان بەرامبەر بە کۆچی مەرزیەی تێکۆشەر، هەوڵ و ماندو بوونی دڵنیا ڕەزای کە دەکاتە کچی هونەرمەندی خوالێخۆش بوو بۆ درێژە پێدان بە ڕێبازە پیرۆزەکەی دایکی نەمری بەرز نرخاند و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست. دواتر دەست خۆشی لە لیژنەی سەرپەرشتی میدیا کرد بۆ ئەم ئێوارە کۆڕە.**

**شایەنی باسە هەریەک لە بەڕێزان مامۆستا جەمال لێپسراوی مەڵبەندی دەرەوەی ی.ن.ک و هیوا سەرهەنگ لێپسراوی کۆمیتەی بەنەلوکس و نوێنەری حکومەتی هەرێم لە نەمسا ئامادەی یادەکە بوون. دواتر بە ووتنەوەی سروود و گۆرانیەکانی هونەرمەند مەرزیە لە لایەن هەردوو کچە هونەرمەندان خاتوو میدیا و بوژە خان درێژە بە برگەکانی یادەکە درا، شایەنی باسە ڕێکخەرانی ئەم یادە دەستخۆشیان لێکرا لە لایەن ئامادە بوانەوە، هونەرمەندانی ئامادە بوو بە جیا سوپاسی لیژنەی ڕێکخراوی میدیای کوردیان کرد بۆ لە ئامێز گرتنی ئەم جۆرە کارانە.**